# نەجیب مەحفووز ژیانێکی پڕ لە بەخشش
## 1911- 2006ز

### ئا: سەباح ئیسماعیل

حەفتەی ڕابردوو گەورەترین ڕۆماننووسی عەرەب، نەجیب مەحفووز گیانی لە دەستدا. نەجیب مەحفووز چالاکترین وپڕبەرهەمترین ڕۆماننووسی عەرەبە. ئەو جگە لە ڕۆمان، چیرۆك و كورتە شانۆنامەشی دەنووسی، جگە لە وتارنووسینی فەلسەفی و وەرگێڕانی كتێبی (میسری دێرین)ی جێمس بیكی بەریتانی . ڕۆمانەكانی نەجیب مەحفووز دەچنە خانەی چەندین ڕێبازی ئەدەبییەوە، وەكو ڕۆمانی مێژوویی و ریالیزم و سیمبۆلیزم و داستان ئامێز. مەحفووز زوو هەستی بەوە كرد كە سەردەم سەردەمی ڕۆمانە و هەمیشە لەگەڵ عەباس مەحموود عەقادی نووسەردا لە ململانێ و جەنگدا بوو، چونكە ئەو لایەنی شیعری دەگرت و گاڵتەی بە ڕۆمان دەكرد و هەند بایەخی پێ نەدەدا، بەلای ئەوەوە دێڕە شیعرێك لە ناودارترین ڕۆمان بەبایەختر بووە، مەحفووزیش لە بارەی هونەری ڕۆمانەوە دەیگوت (ڕۆمان هۆنراوەی دنیای نوێیە).

مەحفووز حەوت ساڵ لە نووسین وەستا، بە بەهانەی ئەوەی (ئەو جیهانە كۆنەی ئەو بەداهێنان هەوڵی گۆڕینی دەدا، تەنیا بە شۆڕش دەگۆڕێت).

پاشان لە ساڵی 1959 دەستی بە نووسین كردەوە و ڕۆمانی (اولاد حارتنا- كوڕانی گەڕەكەمان)ی نووسی.

بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (ئەلئەهرام) بڵاوی دەكردەوە، وەلێ هەندەی نەبرد بڵاونەكرایەوە و قەدەغەكرا.

ئەوكات زانایانی ئەزهەر دژی وەستانەوە و داوای ڕاوەستانی بڵاوكردنەوەی ڕۆمانەكەیان كرد. بەپاساوی ئەوەی ڕۆمانەكە ڕەمزە و دژی ئیسلامە، باس لە خوا و پێغەمبەر دەكات. دەزگا دەسەڵاتدارەكانی ئەوسای میسریش ئەم هەلەیان قۆستەوە و نەجیب مەحفووزیان بەوە تاوانبار كرد، كە ڕۆمانەكە دژ بە دەسەڵاتە و ڕەخنە لە سەرۆكی ئەوسای میسر (جەمال عەبدولناصر) دەگرێت.

هەر لەسەر ئەو بوێرییەی مەحفووز بوو یەكێ بە فیتی مەلاكان ساڵی 1994 لاوێك بە چەقۆوە هێرشی كردە سەر مەحفووز و برینداری كرد (دەماری ملی زیانی پێكەوت و نووسینی لا قورس كرد). كاتێك لە دوای گرتنی لە لاوەكەیان پرسی هیچت لە ڕۆمانەكانی مەحفووز خوێندۆتەوە؟ وتی: نەخێر. ئەمیر (واتا سەرۆكی گرووپی ئیخوان موسلمین) فتوای كوشتنی داوە. لە ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا، كاتێك ئەحمەد دیدات (سەلمان ڕوشدی) ڕۆمانی (ئایەتێن شەیتانی)ی نووسی، خومەینی فەتوای كوشتنی سەلمان ڕوشدی دا. هەر لەو كاتەدا مەلا عومەر عەبدولڕەحمان گوتی (گەر نەجیب مەحفووزمان بكوشتایا، سەلمان ڕوشدیش دروست نەدەبوو).

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕمانەكە لە میسر تائێستا چاپ نەكرابێ.

هەموو ئەمانە بەسەر یەكەوە وایان لە نەجیب مەحفووز كرد، بۆ چاپكردنی ڕۆمانەكە لە میسر دوو مەرج دابنات:

1- ڕەزامەندی ئەزهەر لەسەر بڵاوكردنەوەی ڕۆمانەكە.

2- یەكێك لەوانەی نزیكن لە ئیخوان موسلمینەوە پێشەكی بۆ ڕۆمانەكە بنووسێت.

بۆیە زۆرێك لە نووسەرانی پێشكەوتخوازی میسر دژ بەم ڕایەی مەحفووز وەستانەوە و ڕایانگەیاند ئەگەر مەحفووز نەتوانێ بەرگری لە نووسینێكی بكات، ئەی بۆ نووسیویەتی؟

هەروەها داوایان كرد سنوورێك بۆ دەسەڵات و فیكر ئەزهەر دابنرێ، چونكە دوور نییە ئەو فكرە كۆنخواز و دواكەوتووبێ ، وەڵام بە داخوازییەكانی ئەمڕۆ نەداتەوە. هەروەها داواكەی مەحفووزیان بە داواكارییەكی مەترسیدار لە قەڵەم دا، چونكە بەئاشكرا مافی

سانسۆركردنی داهێنان دەبەخشێتە ئەزهەر، ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێستی رووناكبیرانی میسرە. مەحفووز ساڵی 1911 لە قاهیرە لەدایكبووە. كۆلێژی ئاداب بەشی فەلسەفەی لە ساڵی 1934 تەواو كردووە. لە كاتێكدا قوتابی زانكۆ بوو وەكو نووسیارێك لە گۆڤاری (المجله الجدیده) كاری دەكرد، كە رووناكبیری ناوداری میسر سەلامە موسا دەری دەكرد، یەكەم وتاریشی هەر لەوێ بڵاوكردەوە. نامەی ماستەرەكەی لەسەر (چەمكی ستاتیكا لە فەلسەفەی ئیسلامیدا)بوو.

مەحفووز بەهۆی زمانە سادەكەی و ناوەرۆكی كۆمەلاَیەتیی رۆمانەكانییەوە خوێنەرێكی زۆری هەیە و پڕ فرۆشترین رۆمانیشن، رۆمانەكانی زمانی كوردی نەبێ بۆ زۆربەی زمانەكانی دنیا وەرگێڕاون، زۆربەی زۆری رۆمانەكانی (ئەگەر هەموویان نەبێ) كراون بە فلیمی سینەمایی.

ساڵی 1988 خەلاَتی نۆبڵی پێ بەخشرا و تائێستا یەكەمین و دوایین رۆماننووسی عەرەبە، كە خەلاَتی جیهانیی نۆبڵی پێ بەخشرابێت. لەدوای پێ بەخشینەكەی مەحفووز وتی من بوومەتە فەرمانبەرێك لای مامۆستا نۆبڵ.

لەمەشدا مەبەستی ئەوەبوو، كە ئیدی هێمنی بەخۆیەوە نابینێ و ئیدی كەوتە بەرچاو و بایەخی میدیاكان و بەرنامەی رۆژانەی تێكچوو و عادەتی نووسینی گۆڕا. مەحفووز لە نامەیەكدا بۆ وەزارەتی رۆشنبیری میسری ناردبوو، بەبۆنەی دەساڵ بەسەر تێپەڕبوونی وەرگرتنی نۆبڵەكەیدا سازیان دابوو، دەربارەی جیهانبینی خۆی لەسەر خەلاَتی نۆبڵ و دواڕۆژی ئەدەب نووسیبووی (خەلاَتی نۆبڵ لە بواری زانستدا شیاوترە وەك لە بواری ئەدەب، چونكە زمانی زانست جیهانییە و بلەز دەگاتە هەمووان، هەڵبەت زۆریش هەن لە بواری ئەدەبدا شایان بەو خەلاَتەن و بەدەستیان نەهێناوە، چونكە كارەكانیان تائێستا وەرنەگێڕراون، كەچی بیردۆزی زانستیی هەیە هەركە دەدۆزرێتەوە دەمودەست وەردەگێڕرێ بۆ چەند زمانێك و دەگاتە چوار گۆشەی جیهان).

گەلێ نامەی ماستەر و دكتۆرا لەسەر رۆمانەكانی مەحفووز هێنراونەتەوە.

مخابن نەجیب مەحفووز لە 2006/8/3 لە تەمەنی 94 ساڵیدا گیانی لەدەستدا.

## سەرچاوەكان:


www.alhayat.com
www.elaph.com